# شەش  ساڵ دوای یازدەی سێپتەمبەر

**عەزیز ڕەئووف**



**یازدەی سێپتەمبەر نیشانیداین کە چیدی نەتەوە و کەلتور و ئاین و گروهی دوور لەیەك نەماون ، نیشانیداین هەمووومان نیشتەجێی یەك ماڵ و یەك خانوو و یەك شوێنین، ئەم ماڵەش ماڵێکی شوشەیی تەواو قابیلی تێکشکان و ڕمان و وردوخاشبوونە.**

**مەریوان وریا قانیع**

دوای شەش ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەردا، مانا و دەرکەوتەکانی ئەم ڕووداوە تادێ ئاشکراتر دەبێت. تا دێت لەو چرکە ساتانە نزك دەبینەوە کە دنیای دوای ئەم ڕووداوەمان تەواو لە ڕابردوو ناشرینتر و ڤێزەونتر و بێماناتر دەکات. پاش شەش ساڵ تێپەڕبوون بەسەر یازدەی سێپتەمبەردا ئیدی تەواو پەردە لەسەر ئەو درۆیانە هەڵماڵدرا کە جیهانی ئیستەمان جیهانێکی خۆشگوزەران و دوور لەشەر و کوشتارە، هەمووومان بەو ڕاستیە گەیشتین کە لە هەناوی هێزە گەورەکان و فەندامێنتاڵە دینیەکان و دەسەڵاتە بچوکە لۆکاڵە تۆتالیتارەکاندا چ ناشرینیەك خۆی مەڵاس داوە.
ڕەنگە دیارترین ئەنجامەکانی یازدەی سێپتەمبەر بریتی بێت لە دابەش کردنی دنیا بەسەر دوژمن و دۆستدا، بەسەر هاوپەیمان و تیرۆریستدا. ئەم دابەشکردنە ڕەنگە  لە دابەشکردنی ئاینەکان کەمتر نەبێت کە لە نێوان باوەڕو بێباوەڕ، بەهەشت و جەهەنەم، چاکە و خراپە جیاکاریەکی تەواو گەورە و فراوانیان دروست کردووە کە تا ئەم چرکەساتەش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێوەی دەناڵێنێت. بەڵام ئەوەی دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووداوە لە دەرئەنجامە ئاینیەکان جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە زلهێزەکانی جیهان ئەم سیاسەتە دادەڕێژن و فۆرمێکی جیهانی بەم دیاردەیە دەبەخشن.
لە دوای یازدەی سێپتەمبەرەوە زۆرێك لە چەمك و کۆنسێپتەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت. سەیرکە لە داوی یازدەی سێپتەمبەرەوە چەمکی دوژمن گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە. ئیدی لە دوای ئەم ڕووداوەوە هەر هەوڵێك، هەر بزوتنەوەیەك لە جیهاندا کە خەونەکانی یەکسان نەبێت بە خەونی هاوپەیمانان خۆی لەخۆیدا دەبێتە تیرۆریست. واتە کۆنسێپتی دوژمن لە دوای یازدەی سێپتەمبەرەوە  دەگۆڕێت بۆ تیرۆریست. کارەکتەری تیرۆریستیش لە کوشتن و وێرانکردن زیاتر هیچ مژدەیەکمان پێنابەخشێت. ئەم دیاردەیە کە لەدوای یازدەی سێپتەمبەرەوە خۆی فرێدەداتە نێو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریمانەوە، کە کەم تا زۆر دەستی هەیە لە کوشتنی جیاوازیەکان و کاڵکردنەوەی فرەڕەنگی لە کۆمەڵگەدا.
دوای شەش ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەردا، ئەو ڕووداوەی کە دەستی هەبوو لە گۆڕانی ڕژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و حزبی بەعس لە عیراق، هیچ چانسێکی باشتر لەبەردەم باشتربوونی ئەو دوو کۆمەڵگەیەدا لە ئارادا نیە بەرەو  ژیانێکی باشتر و دەسەڵاتێکی پێرفێکت و ئاشنابوون بە دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی. ئیستا عیراق و ئەفغانستان لە خراپترین بواری ژیان و مامەڵەی سیاسی و ناتەندروستی دەسەڵاتدا دەژین. ئەمەش بەر لە هەر شت پەوەندی بە ڕەفتاری مارێزەکانەوە هەیە لەم دوو وڵاتەدا، کە ڕەفتارێکی تەواو نا ئاسایی و مافیائاسابوو. پاش چوار ساڵ لە هەوڵی مارێنزەکان لە عیراق بۆ باشتربردنی ئەو بارودۆخە، کەچی هیچ چرکەساتێك شکنابەین بارتەقای ئیستای عیراق کە مەرگ هێندە لە مرۆڤەکانیەوە نزیك بێت. بە درێژایی مێژووی عیراق چرکەساتێکی وەك ئیستا شکنابەین کە شەقامەکانی لێوانلێوبێت لە مەرگ. ئەمەش بەر لە هەر شت پەیوەندی بە ڕەفتاری مارێنزەکانەوە هەیە لەم وڵاتەدا کە گروپ و هێز و تاکەکان دابەش دەکات بەسەر تیرۆرست و دۆستدا.
بۆیە سانایە گەر بڵێین مامەڵەکردنی گروه و هێزەکان لە دوای یازدەی سێپتەمبەرەوە مامەڵەکردنی جەنگ و خوێنە. دابەشکردنی هێزەکانە لەنێوان ئەوەی کە " لەگەڵمانی" یاخود" دوژمنمانی". بە مانایەکی تر ڕەفتاری گروه و هێزە جیاوازەکان لە دوای یازدەی سێپتەمبەر ڕەفتارێکە لێوان لێو لە

کوشتنی جیاوازی و مردنی هەر دیالۆگێکی جدی بۆ بینینی دەنگ و ڕەنگێکی تر.

ئەم دۆخی دابەشکردنە کۆمەڵگەی کوردیشی گرتۆتەوە. کەم نین ئەو خۆپیشاندان و نارەزاییانەی گەنجانی ئەم وڵاتە لە شارو شارۆچەکاندا، کە دیاردەیەکی تەواو مەدەنی بوو، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بەبێ ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ ئەم گەنجانەدا بکات بە تیرۆریست و گێرەشێوینی لەقەڵەم دەدان. ئەمەش ڕێك ئەو دۆخەیە کە هاوپەیمانان لە عیراق و ئەفغانستان پراکتیزەی دەکەن و ئەوەی لەگەڵیان بێت دۆستە و ئەوەی ڕەخنەیان لێبگرێت بێشك دوژمنە و مەحکومە بەوەی بکوژرێت.

ناوزەدکردنی گەنجە یاخیەکانی ئەم وڵاتە بە تیرۆریست و گێرەشێوین یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دەسەڵاتی کوردی لەم دەڤەرە و بێشك لە ڕەفتاری ناشرینی مارێزەکانەوە قەرز کراوە. هەرچەندە کۆمەڵگەی ئێمە پایەیەکی فراوانی هەیە لە شەڕی ئەوی تر و مامەڵەکردن بە چەك و خوێن، بەڵام هەرگیز ناونانی دەسەڵات بۆ گروە و هێزە جیاوازەکان و نارەزایی گەنجەکانی، ناونانێك نەبوو بە تیرۆریست و گێرە شێوین. ناوزەد کردنی هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە تیرۆریست و گێرەشێوێن و هەوڵنەدان بۆ ئاشتکردنەوەی گەنجەکانی کۆمەڵگە دیاردەیەکە لە دوای یازدەی سیپتەمبەرەوە پێی ئاشنابوین و بێشك دەستی دەبێت لە کوشتنی دەنگی جیاواز لە کۆمەڵگەدا.

Azizrauf2003@yahoo.com